بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
113
25 ی تەمووز / جولای 2025



# سوریا؛ چارەسەری ئەمنی یان سیاسی!؟

**موحسین کەریم**

رووداوەکانی سوەیدا، تەنها بەرەورووبونەوەی نێوان دوو گروپی کۆمەڵایەتی- ئاینی خەڵکی سوریا نەبوو، بەڵکو ئاکامێکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتگرتنی تیرۆریزمی ئیسلامی سونەیە لە سوریا، بەدوای روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد. هاوشێوەی پەلاماردانی عەلەویەکان و ڕاگەیاندنی نەفیرعام لە مزگەوتەکانەوە بەپاساوی پاکردنەوەی پاشماوەکانی رژێم و کۆمەڵکوژکردنیان لەلایەن هێزە چەکدارە ئیسلامیەکانی سەر بە شەرعەوە، چەکدارەکانی شەرع بەناوی هۆزە بەدەویەکانەوە نەفیر عامیان دژی دروزەکان ڕاگەیاند و هەمان ئەو تاوانەیان دژی هاوڵاتی مەدەنی دروز ئەنجام دا کە دژی عەلەویەکان، بەبەرچاوی جیهانەوەو بەڕێوەیان برد و بێجگە لە چەند پرتەو بۆڵەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەندێ دەوڵەتیش کە لە روداوەکانی سوریادا زیان بە بەرژەوەندیەکانیان گەیشتوە، کەسێک لە گوول کاڵتری پێنەوتن!

رژێمی تازەی سوریا، حکومەت و دەسەڵاتێک نیە کەبتوانێ وەڵام بەدۆخی سیاسی ئێستای سوریا بداتەوە. گروپێکی چەکداری تیرۆریستی ئیسلامی کە لە داوێنی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو داعش و بەرەی نوسرەوە هاتوەتە دەرەوە، سەدان چەکداری ئیسلامی تیرۆریستی لە گۆشەو کەنارەکانی دنیاوە بۆ خۆی کێشکردوە و بوونەتە بەشێک لە پێکهاتە ڕێکخراوەیی و چەکداریەکەی، لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە، بە هاوکاری چەک و

بۆ لاپەڕە ٢

**پێنەدانی مووچە لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغداوە سیاسەتی برسیکردنی بەئەنقەستەو تاوانە!**



# ئاڵۆزی پەیوەندی بەغدا و هەولێر!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



# پیشەسازی!

**مەنسوری حیکمەت**

بۆ لاپەڕە ٩

* نامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بۆ یەکێتیە کرێکاری و ڕێکخراوە چەپ و سۆشیالیستەکان سەبارەت بە سیاسەتی برسیکردنی مووچەخۆرانی کوردستان لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراقەوە...... لاپەڕە ٥
* بانگەوازی کۆمەڵێک ڕێکخراوی پەنابەرای و کرێکاری و سۆشیالیستی دژ بە دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانی لەلایەن ژێمی ئیسلامی ئێرانەوە! ..... لاپەڕە ٦

**ڕۆڵی تورکیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!**
**عوسمانی حاجی مارف**...... لاپەڕە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......سوریا؛ چارەسەری ئەمنی یان سیاسی!؟

لۆجستی تورکیاو پارەی قەتەر و پشتیوانی ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپا، دژی رژێمی بەشار ئامادەکران و دەسەڵاتی سورییایان لەسەر سینی ئاڵتونی رادەست کراوە، تەنها دەتوانێ خزمەت بە ئەجندای سیاسی و ئەمنی ئەو دەوڵەتانە بکات کە دەستیان گرتوە بۆسەر کورسی فەرمانرەوایی!

بەڵام پێگەی جوگرافی و دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا بەوجۆرە نیە کە ئەو کارە بە ئاسانی بۆ ئەحمەد شەرع و ئاغاکانی مەیسەربێت! یاریزانەکانی دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا زۆرن و بەرژەوەندیەکانیان جیاوازو بگرە ناکۆکە. ئەگەرچی رۆڵی ئێران و تارادەیەک روسیا لە سوریادا تا رادەیەکی زۆر لاوازبووە، بەڵام دوو هێزی ناوچەیی، تورکیاو ئیسرائیل، لەسەر لاشەی سوریای دوای ئەسەد، خەریکی تیژکردنەوەی چنگ و ددانەکانیان. ئیسرائیل رێگاناداتە کە تورکیا بریاردەری سەرەکی دۆخی سیاسی- ئەمنی سوریا بێت، کە رژێمەکەی ئەحمەد شەرع وەکو خزمەتکاری بەوەفای دەوڵەتی تورکیا رەفتار دەکات. ئیسرائیل، دەیەوێ رژێمی سیاسی سوریا بەوجۆرە کە ئەو دەیەوێ. دەیەوێ دەسکەوتەکانی دوای رووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر و روخانی رژێمی بەشار ئەسەد، لە بەرژەوەندی خۆی کۆبکاتەوە. تەتانەت کردنەوەی دەرگای رەحمەتی ئەمریکا بەرووی حکومەتە ئیسلامیە-داعشیەکەی شەرع بەو ئامانجە بوو کە لەلایەکەوە سوریا بە تەواوی لە باوەشی روسیا و ئێران دەربکێشن و هاوکات لە بەرژەوەندی و بە مەرجەکانی ئیسرائیل، رێکەوتنی ئاشتی (رێکەوتنامەی ئیبراهیمی) پێ ئیمزابکەن!

لەلایەکەی دیکەوە پێکهاتەی کۆمەڵگای سوریا بەجۆرێکە کە دەسەڵاتێکی ئیسلامی داعشی و جیهادی ناتوانی بەرێوەی بەرێت و وەڵام بە چاوەروانیەکانیان بداتەوە. کۆمەڵگای سوریا، راستە کە پێکهاتەی نەتەوەیی، تائیفی و دینی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بەڵام کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کراوەیە، کە سەرباری دەیان ساڵ سەرکوت و داپڵۆسینی رژێمی بەعس و حافز ئەسەد و بەشاری کوری، بەڵام چاویان لە ژیان و ئایندەیەکی ئازاد و کراوەو یەکسان بریوە. چاویان لە ئایندەیەکی سیاسی بریوە کە هەموو هاوڵاتیانی سوریا، جیاواز لەهەر تایبەتمەندیەکی تائیفی و دینی و نەتەوەیی، وەکو هاوڵاتی یەکسان و ئازاد مامەڵە بکرێن لەلایەن دەوڵەتەوە. دەوڵەت هیچ پێناسەو سیمایەکی دینی و تائیفی و نەتەوەیی نەبێت.

رووداوەکانی کەنارەکانی رۆژاوای سوریاو کۆمەڵکوژی عەلەویەکان و ئێستاش پەلاماردانی سوەیدا و کوشتاری سەرجادەیی دروزەکان بەرووونی ئەوە نیشان دەدەن کە کێشەی سوریا، کێشەی ئەمنی نیە، وەکو خودی حکومەتەکەی شەرع و ئەمریکاو ئەوروپاو تورکیاو وولاتانێکی دیکە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵکو کێشەیەکی سیاسی قووڵ و خەتەرناکە و ئەگەر لەچوارچێوەی کێشەی ئەمنیدا قەتیس بکرێتەوە، کارەساتی مەرگبار روبەرووی کۆمەڵگای سوریا دەکاتەوە. سەرباری پرسی عەلەویەکان و دروزەکان و جێگاورێگایان وەکو هاوڵاتی یەکسان و خاوەن ماف لە دەوڵەتی سوریادا، کە پرسێکی کەمبایەخ نیە، پرسی کورد و چارەنوسی هێزەکانی هەسەدە، ئەگەر وەکو پرسێکی ئەمنی مامەڵە بکرێ، دەتوانێ کارەسات بەدوای خۆیدا بهێنێ. ئەو حکومەتەی ئێستا لەسەر دەسەڵاتە ئەهلی ئەوە نیە کە بەشێوەیەکی سیاسی عادیلانە ئەو پرسانە چارەسەر و یەکلابکاتەوە. بۆیە مانەوەی تەنها دۆخی سیاسی- ئەمنی- کۆمەڵایەتی سوریا تێکدەدات و دەرگای شەری ناوخۆ بەرووی خەڵکی سوریادا دەکاتەوە، کە دوای زیاتر لە (٥) دەیە لە سەرکوت وداپڵۆسین و زیندانە بەدناوەکانی رژێمی ئەسەد و برسیکردن و هەژاری ...تاد. بەدوای ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئارامیدا دەگەرێن.

سوریا پێویستی بە حکومەتی شەرع و هاوشێوەکانی نیە، بەڵکو پێویستی بە رژێمێکی سیاسیە کە لەسەربنەمای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی پێناسەی عەرەبی دەوڵەت و وولات، چەمکی هاوڵاتی یەکسان، بەرەسمی ناسینی ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی بیروباوەر و ویژدان، ئازادی دینداری و بێدینی، خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان، مافی یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.... دامەزرابێت. خەڵکی سوریا شایستەی رژێمێکی سیاسی و دەوڵەتێکی لەوجۆرەیە!

ئۆکتۆبەر
بڵاوكراوەی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوكراوەی ئۆکتۆبەر

# ئاڵۆزی پەیوەندی بەغدا و هەولێر!

عوسمانی حاجی مارف

لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەلایەک سەرقاڵی کێشەکانی نێوان لایەنەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" و هەڵبژاردن و چاوەڕوانی ئایندەی پەیوەندیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران و ناجێگیری دۆخی ناوچەکە و کاریگەری ئەم دۆخە لەسەر عێراق و هەڕەشە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبیە، لەلایەکی ترەوە دەبینین حکومەتی بەغدا وەک گەمەیەکی سیاسی بۆ ململانێی لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا بەمەبەست پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دوادەخات، کە بە هەولێر و بەغدا هەردولایان دانیشتوانی هەرێمیان بە بارمتە گرتووە و کردویانە بە قوربانی ململانێ و کێشەکانی نێوان خۆیان.

حکومەتی هەرێم کەوتۆتە بەر هەڕەشەی گەمارۆی ئابوری و پەرەسەندنی نائەمنی لەبەرامبەر بەغداو دۆخی ناجێگیری ناوچەکەدا، کە حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بە بیانوی ناکۆکی پەیوەست بە هەناردەکردنی نەوتەوە، دەیەوێت دەسەڵاتی هەرێم سنوردار کات.

ئەم سیاسەتە لە ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر دەستی پێکردوە، کاتێک حکومەتی بەغدا لەڕێی دادگای فیدراڵیەوە ناچار کرا ڕێبازێکی سیستماتیک بۆ تەرخانکردنی دارایی مانگانە بۆ هەرێم دەستەبەر بکات، سەرەڕای بوونی ڕێکەوتنی بودجەی فیدراڵی کە حکومەت پابەند دەکات بە پێدانی مووچە بە گوێرەی دەستوور، بەڵام چەندین جار بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ بە بیانووی "نەگەیاندنی داهاتی نەوتی هەولێر" ڕاگیراوە. لەئەنجامدا زیاتر لە ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار فەرمانبەر لە کوردستان بۆ ماوەی چەند مانگێک لە یەک کاتدا بێ مووچە خۆیان ببیننەوە، ئەمەش نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری لە هەولێر و سلێمانی و دهوک بەدوای خۆیدا هێنا، بەهۆی دابەزینی ئاستی بژێوی و هێزی کڕین کە بە ڕێژەی لەسەدا ٤٠ دەخەمڵێنرێت.

لەناو ئەم قەیرانە داراییەدا، هەرێم شایەتی هەڵکشانی ئەمنی مەترسیدار بووە. لە چەند ڕۆژی ڕابردودا چەند کێڵگەیەکی گەورەی نەوتی لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی نەناسراوەوە هێرشیان کرایە سەر و زیانی ماددی بەرفراوان و ئاگرکەوتنەوەیان لێکەوتەوە، کە بووە هۆی ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی کاتی.

لەبارەی ئەم هێرشانەوە وەڵامی حکومەتی فیدراڵی تەنها سنووردار بوو بە داوای بەدواداچون بۆ "لێکۆڵینەوە"، بەبێ ئەوەی هیچ ئیدانەکردنێکی ڕون و ئاشکرای هەبێت، ئەمەش پرسیار لەسەر هەڵوێستی بەغدا دروست دەکات سەبارەت بە نابەرپرسیارێتی بەرامبەر ئاسایشی هەرێم.

سیاسەت و ئابووری و ئاسایش لە شەڕێکی کراوەدا لەنێوان بەغداو هەولێردا مامەڵەی پێدەکرێت، کە تەنها لە بەڕێوەبردنی ساماندا سنوردار نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ دارشتنی پەیوەندی ئاڵۆزتری نێوان بەغدا و هەرێم، بەرۆشنی پرسی مووچە وەک ئامرازێکی فشار بەکاردەهێنرێت، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دووبارە دارشتنەوەی پەیوەندیەکەیان لەسەر بنەمای زیاتری وابەستەیی و ملکەچی هەرێم بۆ بەغدا، کە بەدوای رفراندۆمەوە ئەم پرۆسەیە کاری لەسەر دەکرێت. لە گۆڕینی ئاستی هاوسەنگی هەرلایەک لە بەغداو هەولێر، ئەم چیرۆکی گەمەیەی نێوانیان بە چەندین شێوە سەر هەڵئەداتەوە.

لە نێو ئەو ململانێیانەدا، هاوڵاتی کوردستان وەک گەورەترین قوربانی دەمێنێتەوە، وەک فەرمانبەرێکی سادە لە قوتابخانە یان نەخۆشخانە و لەهەر فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکدا، هیچ پشکێکی لە نەوت و ململانێ سیاسیەکاندا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار دەکرێت باجی پەیوەندی جوگرافی و سیاسی جیاوازی نێوان هێزە میلیشیاکان بدات، بەئاسانی و بێشەرمانە موچەکانیان دەبڕدرێت و نانبراو دەکرێن.

لە ڕاستیا پەیوەستکردنی بژێوی ژیانی خەڵک بە بەردەوامی لەسەر پەیوەندی بە ناکۆکی سیاسیانەوە، دەتوانین بڵێین پرۆژەیەکی ریسوای شکستخواردوی دەوڵەتی فیدراڵیە لە عێراقدا، کە بەپوچترین و نائیسانیترین حکومڕانی خۆی دەسەلمێنێت، تەنها بەرگێکی فەرمیە و کاردانەوەی لەسەر ململانێکان هەمیشە خراپتر دەبێت.

کۆتایی هێنان بەم قەیرانە پێویستی بە هەڵوەشانەوەی ئەم فیدراڵیەتە کۆنەپەرستانەیە لە ڕەگوریشەوە، کە لەسەر بنەمای قەومی و تائفی و دین دامەزراوە، پێویستی بە نەمانی تەواوی هێزە میلیشیاکانە. بەڵکو پێویستی بە دانپێدانانی تەواوە بە مافی هاووڵاتیان، لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێک کەلەسەر بنەمای ناسنامەی هاوڵاتی بون دەستورەکەی بناسێنێت و جێگیر بکرێت.

لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی سیاسی نوێ لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، شەرعیەتی خۆی لە سەر پرەنسیپی نوێنەرایەتی قەومی و تائیفی و دینی دەستوریان پەسەند کردووە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی وەرگرتووە و حکومەتی فیدراڵیان دامەزراند. بەڵام دیمەنی سیاسی ئێستای عێراق پارادۆکسێکی

مەترسیدار ئاشکرا دەکات، زۆرێک لەو پارتانەی ئەمڕۆ پەرلەمان پێکدەهێنن تەنها چەکی ڕێکخراوە چەکدارەکانن و نوێنەرایەتی لایەنی ئاینی و تائفی و قەومی دەکەن، ئەمەش پرسیاری جددی لەسەر شەرعیەتی تەواوی سیستەمەکە دەوروژێنێت، بە لە بەرچاوگرتنی شکستی دەستوور و شکستی بەشێکی زۆری دامەزراوەکان و چاودێری و دادوەری، جیاوازی نێوان لایەنە سیاسیەکان و میلیشیا چەکدارەکان کەلە چوارچێوەی پێکهاتەی ئێستای عێراقدا قوڵتر بۆتەوە، ئەم میلیشیایانە لە دامەزراوە یاسادانانەکاندا بالادەستیان هەیەو چەمکی نوێنەرایەتی سیاسیان کاڵ کردووەتەوە و گومانیان لەسەر شەرعیەتی سیستەمەکەیان چڕکردۆتەوە، هەرچەندە فشار لەسەر ئەوە هەیە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە بەڵام لەو بارەیەوە هەنگاوێکی عەمەلی نیە کەجەخت لەسەر ئەو هەڵوەشانەوەیە بکات.

بونی میلیشیا چەکدارەکان لە پەرلەمان نوێنەرایەتی دیاردەیەکی نائاسایی و مەترسیدار دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامی قەیرانێکی سیاسی بەردەوام کە لە ئەنجامی پابەند نەبون بە سەروەری یاساکانی خۆیان و ڕێکەوتنەکانی نێوانیان، ئەمەش بەردەوام هۆکاری نا سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتیە لە عێراق و کوردستاندا.

ڕژێمی عێراق ئەمڕۆ لە جەنجاڵیەکدا وەستاوە، بە ملکەچی هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی دیفاکتۆ دەمێنێتەوە. ئەمەش مەترسی لەسەر خودی بوونی ئایندەی دەوڵەتەکەیان دروست دەکات نەک تەنها دامەزراوەکانی بەڵکو داهاتووی عێراقیش دەخاتە لێواری دارمانەوە، چونکە چارەنوسی عێراق بەم شێوازی حوکمرانیە بەستراوە بە ئایندەی ئێرانەوە.!

بەرپرسانی ئەمەریکا گوشارەکانیان بۆ سەر حکومەتی عێراق و سودانی چڕتر دەکەنەوە، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشەکان بۆ سەر کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت، لەنێویاندا کۆمپانیای ئەمریکی، کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکەن. ئەم هەنگاوانە لە دوای زنجیرەیەک هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دێت کە دامەزراوە نەوتیەکانیان کردە ئامانج، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئاماژەکان جەخت لەسەر تێوەگلانی لایەنە چەکدارەکانی سەر بە ئێرانە.

واپێدەچێت بە ئامانجگرتنی کۆمپانیا ڕۆژئاوایەکان کە لە کوردستان کاردەکەن، دوو پەیامی سیاسی هەڵدەگرێت، لە لایەک فشار دەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناکۆکی بەردەوامی لەگەڵ بەغدا لەسەر دابەشکردنی داهات و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان، لە لایەکی دیکەشەوە هۆشداریەکی پەردەپۆشکراو بۆ واشنتۆن دەنێرێت بە زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی.

هەرچەندە سودانی خۆی لە نێوان چەقۆی هەڕەشەکانی ئەمریکا و سەنگەری کاریگەری پەرەسەندنی کوتلە چەکدارەکانی ناو وڵاتدا دەبینێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ پاراستنی پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان تاران و واشنتۆن، هێرشەکان بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەڕەشەی تێکدانی ئەم هاوسەنگیە ناسکە دەکات و خودی سودانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو هێرشانە لەکاتێکدایە کە هەرێم هەوڵدەدات گەمەی سیاسی لەبەرامبەر بەغدادا بەقازانجی زیاتر بەرزکردنەوەی پێگەی بارزانی و حکومەتی هەولێر لەرێگەی پەیوەندی بە کۆمپانیە جیهانیەکانەوە مامەڵە بکات، بەتایبەتی سەبارەت بە مەلەفی نەوت و داهاتی ناخۆیی هەرێم. بەم شێوەیە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان کە زیاتر لە ٨٠ ڕۆژە، لەم کەین و بەینەدا بێ خاوەنە و مەسەلەیەکی هەستیارو جدی نیە بۆ هیچ لایەنێکیان.

قەیرانی مووچەی هەرێم لەوە زیاترە کە تەنها ناکۆکیەکی ئیداری یان دارایی بێت، وەک ئامرازێکی ڕەشبگیری سیاسی کە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگی و بارزانی و حکومەتی بەغداو هەولێرەوە بۆتە زیاتر تێکدانی سەقامگیری ئابووری و سیاسی هەرێم، تا دێت بازاڕەکان ئیفلیج دەکات و بارودۆخی خراپی ژیانی فەرمانبەران و هاووڵاتیان بە هەمان شێوە قووڵتر دەکاتەوە، زۆر بێدەربەستانە و نابەرپرسانە مامەڵە بەبژێوی خەڵکەوە دەکەن.

هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا هەواڵی ڕێکەوتنێک لە نێوان بەغدا و هەولێر ڕاگەیەندرا، کە سودانی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی پەسەندکرد، کە لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆ کراوە، سەبارەت بە نەوت و داهاتە نانەوتیەکان و خەرجکردنی مووچە، ئەوەی گومانی تیانیە ئەم ڕێکەوتنەش کاتیە و ناتوانێ چارەسەرەی بنەڕەتی ئاڵۆزی پەیوندی بەغداو هەولێر بێت.هەروەها ئەم ڕێکەوتنە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان شاهیدی چەندین هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بووە کە کێڵگە نەوتیەکانیان کردۆتە ئامانج، بەتایبەتی ئەو کێڵگانەی کە لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە بەڕێوەدەبرێن.

هاوکات تەیف سامی، ڕایدەگەیەنێت"هەرێم پابەندە داراییەکان جێبەجێ ناکات"، بۆیە "ئامادەکردنی خشتەکانی بودجە سوودی نابێت ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەندیە داراییەکانی جێبەجێ نەکات".!

لەکۆتایدا دۆخەکە وەها وێنا دەکرێت کە کێشەکە تەنها بودجەو مووچەیە، هەرلایەنێکیان لە هەولێرو بەغدا یەکتر تاوانبار دەکەن، بەڵام ڕاستیەکەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا پێکهاتەی شێوازێک لە دەسەڵاتداری و حوکمڕانیە لە عێراق و کوردستاندا، کە هێزە میلیشیا قەومی و دینی و تائیفیەکان، هۆکاری ئەم دۆخەیە، کەلەسەر ئاستی توانایی و پێگە و هاوسەنگی هێزیان، سەروەت و سامانی عێراق و کوردستان دوای هەر تاڵانیەک دابەشی دەکەن، تا ئەم جۆرە هێزانە وەک داگیرکەر لە دەسەڵاتدا بن ئەم کێشانە نەک چارەسەر نابن ئاڵۆزتر دەبن.

# دەیان یەکێتی کرێکاری و ڕێکخراوی چەپ و سۆشیالیست و بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ لەسیاسەتی برسیکردنی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم ئاگادارکرانەوە !

ئەمرۆ ٢٣ی تەموزی ٢٠٢٥ لە نامەیەکدا کە ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئاراستەی دەیان یەکیتی کرێکاریی و ئەحزابی کۆمۆنیستی و سوسیالستی و مافی مرۆڤی بەرامبەر بەسیاسەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم ئاگادارکردەوە.

لەنامەکەدا هاتووە "لەرێگای ئەم نامەیەوە دەمانەوێ ئاگادارتان بکەین لە پرسێکی هەستیار کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەران و مافە سەرەتاییەکانی چەند ملیۆن هاولاتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەیە. چاوەڕوانی ئەوەشمان لێتان هەیە کە بە دەوری ئینتەرناسیۆنالیستی و چینایەتی و مرۆیی خۆتان هەستن بۆ سووککردنی کاریگەریەکانی ئەو دۆخە سەختەی ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە بوەتەوە"

هەروەها ئاماژە دەکات بە "بەهۆی کێشەی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمەوە، تا ئێستا کە لەکۆتایی مانگی جولای نزیک دەبینەوە مووچەی مانگی ئایاری ئەو کارمەندو خانەشینانە نەدراوە، ئەوە لەکاتێکدا کە ئەو مووچەیەی خانەنشینان و زۆرینەی کارمەندانی حکومەت وەریدەگرن، ژیانی ئەوانی لەخوار هێڵی هەژاریەوە ڕاگرتووە"

لەنامەکەشدا ئەوە دەڵێت کە "حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند یەکتر تۆمەتبار دەکەن بەهۆکاری کێشەی نەدانی مووچەی ئەو ٣ مانگەی .کوردستان بوەتە بارمتەی ململانێی سیاسی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی نەدانی مووچەوە، بازاڕ بەتەواوی تووشی ڕاوەستان بووەو ژیانی سەدان هەزار هاولاتی دیکەش ڕووبەڕووی هەژاری و برسێتی بوەتەوە"

ئەوەش دەڵێت "سەرەڕای ئەم تاوانەی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا بەرامبەر بە ژیانی هاولاتیانی هەرێکی کوردستان، هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن دوو حزبی میلیشیایی یەکیتی و پارتیەوە بەڕێوەدەبرێن، بەشێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکەن سەر هەر جۆرە خۆپیشاندان و مانگرتنێک و هەرجۆرە نارەزایەتیەک بەرامبەر بە نەدانی موچەکانیان، تەنانەت هێرشیان کردۆتە سەر ئەو دەزگا میدیاییانەی کە ڕوومالّی خۆپیشاندانەکانیان کردوە.

" لەنامەکەدا داوا دەکات کە:

١/ لەرێگای ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ سەر سەفارەت و کونسولگەری حکومەتی عێراق و نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە ولاتەکانی خۆتان، ئەو سیاسەتی برسیکردن و دژی مرۆییەی هەردوو حکومەت، سەرکوتە بکەن و داوایان لێبکەن کە دەستبەجێ دەست لەو سیاسەتە هەڵبگرن و مووچەکانی خانەنشینان و کارمەندانی حکومەتی هەرێم بدەن. بەبارمتەگرتنی سەرچاوەی ژیانی ملیۆنەها کارمەند و خانەشینی هەرێم، وەکو کارتی ململانێی سیاسی نێوان ئەو دوو حکومەتە تاوانێکی ڕوون و ئاشکرایە و ناکرێ قبولّ بکرێ.

٢/ هاوکات سەرکۆنەی سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی حکومەتی هەرێم ( یەکیتی و پارتی) و ڕێگاگرتن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی و ئازادی رەخنەگرتن، بکەن و فشاریان لەسەر دابنێن بۆئەوەی دەستبەرداری ئەو سیاسەتە سەرکوتگەری و دژی ئازادیە ببن.

لەکۆتایی نامەکەشدا هاتووە "کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان چاوەروانی هاوپشتی خەباتکارانەو مرۆڤدۆستانەی ئێوەن لەم میحنەتەیاندا کە لەلایەن دوو حکومەتی سەرمایەدارییەوە بەسەریاندا سەپێنراوە"

**ڕێکخراوی دەرەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٣/٧/٢٠٢٥**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
Worker-communist Party of Kurdistan

ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**To the unions and workers syndicates!**
**To the leftist and socialist organisations!**
**To all human rights organisations!**
**To the freedom-seekers and humanitarians!**

This letter is to bring to your immediate attention a critical issue impacting the lives, livelihoods, and fundamental rights of several million citizens in the Kurdistan Region of Iraq. We urge you to fulfil your international and humanitarian obligations to help mitigate the severe circumstances these individuals are enduring.

The Kurdistan Region of Iraq, with a population of about 6 million, exhibits a significant economic dependence on its regional government. The salaries of over 1.2 million pensioners and government employees support not only themselves but also an estimated equal number of dependents. Consequently, the financial well-being of almost half the region's population is directly tied to government payroll.

As the end of July nears, a dispute between the central and regional governments has resulted in the non-payment of May salaries for employees and pensioners. This delay exacerbates the financial hardship faced by these individuals, as their income already places them below the poverty line. For instance, the average pensioner's monthly salary is no more than $300. This is in stark contrast to the exorbitant costs of essential services such as healthcare, municipal services, water, electricity, fuel, and social insurance.

For three months, a bitter dispute between the regional and central governments has left workers, government employees, and pensioners in the Kurdistan Region without pay. This political conflict holds the lives of over 3 million low-income citizens hostage. The non-payment of salaries has paralysed the economy, leaving hundreds of thousands of others facing destitution and hunger.

In addition to the harm inflicted on the people of the Kurdistan Region by both the regional and Baghdad governments, the regional government's security forces controlled by the two dominant militia parties, the PUK and the KDP have violently suppressed all forms of public dissent. This includes protests, strikes, and demonstrations over unpaid salaries. Even media outlets covering these events have been subjected to attacks.

Two recent events highlight concerning developments. In Erbil, a demonstration regarding a lack of electricity resulted in the death of a man named Hassan and the physical assault of a lawyer. Separately, in Sulaymaniyah, authorities pre-emptively detained several activists, among them Professor Ahmad of the University of Sulaymaniyah, ahead of a planned protest.

We, the Abroad organisation outside the Worker-Communist Party, ask you to:

- We call upon you to take immediate action by sending letters of protest to the embassies and consulates of the Iraqi government and the offices of the regional government in Kurdistan. In your letters, you must condemn the barbaric policy of starvation being used by both administrations and demand its immediate termination. Furthermore, insist that all unpaid salaries to pensioners and government

# بانگەوازی کۆمەڵێک رێکخراوی پەنابەرای و کرێکاری و سۆشیالیستی دژ بە دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانی لەلایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە!

## دەرکردنی بەکۆمەڵی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئێران ڕاگرن!

ئێمە رێکخراوەکانی پەنابەران، کرێکاران و مافەکانی ژنان، هەڵمەتی درندانە و فاشیستیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ کە کۆچبەران و پەناخوازانی ئەفغانی دەکاتە ئامانج، بەتوندی ئیدانە دەکەین. ئەم هێرشە کە لێوانلێوە لە رەگەزپەرستی و سەرکوت و کردەوەی نامرۆڤانە، لەرێگای بەکارهێنانی هەموو توانا و ئامێری سەربازی و هەواڵگری ئێرانەوە ئەنجام دەدرێت.

بەبیانوی درۆینەی "بەرەنگاربوونەوەی سیخورەکان"، رژێم سەرکوتێکی درندانەی دەستپێکردووە. وادەی ٦ی تەممووزی دیاریکردووە بۆئەوەی هەموو ئەفغانییە بێ بەڵگەنامەکان وڵات بەجێبهێڵن. ئەم هەڵمەتە هیچی کەمتر نییە لە پاکتاوی نەژادی لەلایەن دەوڵەتەوە.

لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا هەزاران پەنابەری ئەفغانی؛ منداڵ و ژن و بەساڵاچوو، بەبێ دادگاییکردن و بەبێ ئاگادارکردنەوە و بەبێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بە زۆر دیپۆرت کراونەتەوە. ژنانی دووگیان لە سەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە پەلکێشکراون. ئەو خەڵکە نەک وەک مرۆڤ، بەڵکو وەکو کەرەستەیەکی فڕێدراو و بێزلێکراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ماڵەکانیان رووخێنران، شوێنە بازرگانیەکان داخران و منداڵانیان لە قوتابخانە دەرهێنران. لە هەندێک پارێزگادا، کەمپی بەناو "کاتی" دامەزراون، بەڵام ئەمانە زیاتر لە کەمپی دەستبەسەرکردن دەچن نەک پەناگەی مرۆیی.

لە سەر سنوور، کابوسەکە بەردەوامە. پەنابەران رووبەرووی لێدان، تاڵانکردن، دەستبەسەرداگرتنی کرێ و کەلوپەلەکانیان دەبنەوە. ئەشکەنجەدان بوەتە کارێکی رۆتینی. کاتێکیش دواجار سنوور دەبڕن، لەگەڵ دەزگا درندەکانی تاڵیباندا بەرەوروو دەبنەوە. خواردن، دەرمان و شوێنی حەوانەوەیان نیە. رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زەنگی ئاگادارکردنەوەی کارەساتێکی نزیکی مرۆییان لێداوە، بەڵام رژێم هیچ باکی نیە.

ئەمە تەنها هێرشکردن نییە بۆ سەر پەنابەرانی ئەفغانی، بەڵکو هێرشکردنە بۆ سەر بەشێک لە گرووپە هەرە لاوازەکانی کۆمەڵگا، کرێکاران، ژنان، منداڵان، بەساڵاچووان و پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکان کە چەندین نەوە لە ئێراندا بە ئاشتیانە ژیاون. هێرشکردنە سەر خودی مرۆڤایەتیە.

کۆماری ئیسلامی، وەک زۆرێک لە رژێمە ستەمکارەکان، لەوانە هاوتا رۆژئاواییەکانی، پەنابەران دەکاتە بزنی قوربانی بۆ داپۆشینی قەیرانە قووڵەکانی خۆی: دارمانی ئابووری، شکستی سیاسی و ترس لە دانیشتووانێکی هوشیار و تووڕە. رژێم بە ناوزەدکردنی ستەملێکراوترین بەشی کۆمەڵگا بە دوژمن، هەوڵ دەدات خۆی لە لێپرسینەوە بدزێتەوە، بەرامبەر بەوکارەساتانەی بەسەر خەڵکیدا هێناوە.

حکومەتی ئێران، لە هەوڵیدا بۆ لادانی رەخنە ناوخۆییەکان لە پەیوەند بە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیلدا، تورەیی خۆی بەرەو دەرەوە ئاراستەکرد. بە وێناکردنی پەنابەرانی ئەفغانی وەکو سیخور یان هەرەشە، پاساو بۆ دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ و سزادانی بەکۆمەڵ دەهێنێتەوە، تا لەورێگایەوە تورەیی گشتی بەرامبەر بە شکستەکانی دوور بخاتەوە.

ئەم سیاسەتە هەتا ئێستا بووەتە هۆی دەرکردنی زۆرەملێی سەدان هەزار ئەفغانی کە زۆربەیان دەیان ساڵە و بۆ چەندین نەوەیە لە ئێران دەژین. ئەمە پێشێلکارییەکی گەورەی مافەکانی مرۆڤە- و هەنگاوێکی سیاسی نەخشەمەندە کە ئامانجی تێکشکاندنی ناڕەزایەتیە ناوخۆییەکان و پاراستنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەیە.

بەڵام تەنانەت لەم کاتە تاریکانەشدا، هاودەنگی بەرزدەبێتەوە. لە زاهیدان، بەلوچستان و شارەکانی سەرتاسەری ئێران، کرێکاران و خەڵکی ئاسایی بەرەنگاری ئەم هێرشە دەبنەوە. پەناگەیان بۆ دابین دەکەن، یارمەتیان دەدەن و شان بە شان لەگەڵ ستەملێکراوەکاندا راوەستاون. ئەمە رووخساری مرۆڤایەتی راستەقینەیە. ئەمە ئەو داهاتووەیە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین.

ئێمە داوا لە چالاکوانانی مافی مرۆڤ و سەندیکا کرێکاری و پارتە چەپ و سۆسیالیستەکان و هەموو خەڵکی ئازادیخواز لە سەرانسەری جیهان دەکەین کە دەنگتان بەرز بکەنەوە. ئەم هێرشە درندانە و بەربەرییە ئیدانە بکەن. داوای کۆتاییهاتنی دەستبەجێی دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئێران بکەن.

با لەدەرەوەی سنوورەکانەوە یەکبگرین، دژی فاشیزم بوەستینەوە و بەرگری لە ماف و کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان بکەین – لە هەموو شوێنێک.

بژی مرۆڤایەتی. با ئەم هێرشە فاشیستییە تێکبشکێنین.

**واژۆکان:**

-رێکخراوی ژنان و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست– MEWSO بەریتانیا

-فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی پەنابەرانی عیراق – IFIR

-رێکخراوی نێودەوڵەتی پەنابەرانی ئێرانی- بەریتانیا

-فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی

-رێکخراوی ژنانی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست – KMEWO (بەریتانیا)

- رێکخراوی No Sweat (بەریتانیا)

-رێکخراوی ( بزوتنەوە لەپێناو عەدالەت)- Movement for Justice

-رێکخراوی ئازادیی کرێکار Alliance for Worker's Liberty-

-رێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

-رێکخراوی دەرەوەی حزبی حیکمەتیست

# ڕۆڵی تورکیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!

عوسمانی حاجی مارف

زیاتر لە دە ساڵە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا گرژی قووڵی بەخۆیەوە بینیوە، لەهەمانکاتدا چەندین سەدە قۆناغی دوژمنایەتی ئاشکرا، یان کێبرکێی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەم پێیەش لەئێستادا لە بەرژەوەندی هیچ کام لە ئیسرائیل و ئێران هەڵوێستی نەگرتووە. لە شەڕی ئەم دواییەی هەردوو وڵاتدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەنقەرە لایەنگری ئەوەیە نفوزی ئەتۆمی ئێران سنووردار بکرێت، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانی سەرسەختی باڵادەستی سەربازی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا و ترسی هەیە لە دەرئەنجامی ئەگەرەکانی دارمانی کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاری ئەمریکاو ئیسرائیلدا.

لە سەردەمی ئەردۆغانەوە، ئێران و تورکیا لە سوریا خەریکی ململانێیەکی درێژخایەنی بە وەکالەت بون، تاران پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد دەکرد و ئەنقەرە بەتەنگ پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بوو، بەڵام ئەمە دوو ڕۆڵی جیاوازە هیچ گۆڕانکاری و کاریگەرییەکی لە بیرکردنەوەی ستراتیژیان لە تەواوی ناوچەکە نەکردووە، وەک دوو زلهێزی ئیقلیمی و یەکسان لە دەسەڵاتدا و یەکسان لە هاوسەنگیدا مامەڵەی یەکتریان کردووە، بەوهۆیەوە خۆیان لە دوژمنایەتی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاوسەنگیە مێژوویە و ڕکابەری هەردولایان بۆ دەخالەتیان لە ناوچەکە، بیرۆکەی بونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی لای تورکیا، هێڵێکی سورو مەترسیداربووە. ئەگەر تاران سوودێکی لەو شێوەیە بەدەست بهێنێت، ئەوا بە شێوەیەکی کاریگەر ئێران هاوسەنگی هێزی سێ سەدە لە بەرامبەر تورکیا کۆتایی پێدەهێنێت. بۆیە ئەنقەرە بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لەو ڕێوشوێنانە کردووە کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە بە ئەتۆم بونی ئێران. ئێران و تورکیا هەرلایەکیان پەیوەست بە سیاسەت و بەرژەوەندیان لە ناوچەکەدا بە شێوازی جیاواز دژایەتی ئیسرائیلیان کردووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل لە سەردەمی ئەردۆغاندا بە شێوەیەکی بەرچاو تێکچوو، ئەو سیاسەتەی تورکیا ڕووبەدەرەوە پەیڕەوی دەکرد، پشتکردنە ئەوروپای ناوەندی و دەستهەڵگرتن لە یەکێتی ئەوروپا و ڕوکردنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەتوانین بڵێین لەم پرۆسەی ئاوێزان بونەی بە ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا وەک ڕکابەرێکی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی ناوە.

هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەردۆغان بە میوانداریکردنی شاندێکی تاقمی تیرۆریستی حەماس گرژی و ئاڵۆزیەکانی لە بەرامبەر ئیسرائیل هەڵگیرساند. کاتێک هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر کەشتیەکی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٠دا، کە ئیسرائیل هەوڵی ئەدا شکاندنی گەمارۆی کەرتی غەززە لە ژێر کۆنترۆڵی حەماسدا دەربهێنێت، هەشت هاووڵاتی تورکیا و دوو هاووڵاتی ئەمریکی کوژران. بە دوایدا پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل بە تەواوی دارما، هەروەها بەردەوامی دەسەڵاتی ناتانیاهۆ، بەوەی پەرچەکرداری بەرامبەر دەخالەتی تورکیا لە ناوچەکە نیشان ئەدا، تێکچوونی پەیوەندیەکانی خێراتر کرد، ڕق و کینەی قووڵ و وەستانەویان بەرامبەر یەکتر، کەنێوانی ناتانیاهۆ و ئەردۆغان گەیشت بەوەی گەڕاندنەوەی پەیوەندیە هەمیشەیەکان نزیک کردەوە لە مەحاڵ. هاوکات ئیسرائیل کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەسەدە دامەزراند، ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل وەک بەشێکی لەوەڵامدانەوە بە پەیوەندیەکانی ئەنقەرە بوو لەگەڵ حەماسدا.

ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زیاتر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیلی ئاڵۆزترکرد، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوودا تورکیا یارمەتی هێزی میلیشیای ئەحمەد شەرعی دا و گەیاندنی بە ڕووخاندنی ئەسەد، بەمەش دیمەشق کەوتە دەست گروپە ئۆپۆزسیۆنە میلیشیاکان بە سەرۆکایەتی هەیئەت تەحریر شام، ئەم هەنگاوەش داڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیلی تووڕە کرد و هەندێکیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە تورکیا یەکێ لە ڕکابەری سەرسەختی ڕۆڵی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ئەسەد و دەخالەتی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی تورکیا لە سوریا ئەم حاڵەتی بارگرژی و ململانێیە هەردووولای بەرجەستەترکردووە.

لەهەمانکاتدا بۆ ئەنقەرەش هەمان هەستی پەرچەکردار لەبەرامبەر ڕۆڵی ئیسرائیل ڕاگەیەندرا، کە هێزە سەربازیەکانی ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ وە نیشانی داوە هەر لە وێرانکردنی سەرکردایەتی و ژێرخانی حەماس و حزبوڵلا تا بە ئامانجکردنی فەرماندە باڵاکانی سەربازی ئێران و کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئاسمانی ناوچەکە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی ئیسرائیل جەمسەرێکی مەترسیدارە و جێگای هیچ متمانەیەک نیە لەبەرامبەر تورکیاشدا.

هەرچەندە ئەنقەرە دژایەتی هەر هەنگاوێکی تری سەربازی ئیسرائیل لە دژی ئێران دەکات و نیگەرانە لەهەر کردارێکی سەربازی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بەڵام هێشتا پێدەچێت زیاتر پشتیوانی لە ڕێوشوێنە ناسەربازیەکانی ئەمریکا بکات کە بە ئامانجی کۆتاییهێنانی تەماحە ئەتۆمیەکانی تارانە، بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە، لەوانەش تەنها

لەڕێی دانوسان وتووێژ و گوشاری ئابووری و سزای زیاترەوە، نەک بۆردمان و هێرشی سەربازی، بۆیە ئەگەر ترامپ پابەند بێت بە ڕێبازی دیپلۆماسی و فشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی هەمان کار بکات، ئەوا ئەگەری هاوپەیمانیەک لە نێوان تورکیا و ئیسرائیلدا پەیدا دەبێت.

بەڵام لەو حاڵەتەشدا بۆ واشنتۆن ئەوە گرنگە کە متمانەی ئەوەی هەبێت تورکیا دەتوانێت یان تەواو قەبوڵی بکات، بچێتە ناو سنوری بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دۆخێکی ئارام بۆ دەوری باڵادەستی و سەرمایەگوزاری بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا پەیرەو بکەن، لایەنەکان دڵنیایی ئەوە بدەن کە لە ئەگەری پەرەسەندنی سەربازیدا خۆیان بە دوور بگرن.

تورکیا لە ئێستادا نزیکەی چوار ملیۆن پەنابەری لەخۆ گرتووە کە زۆربەیان خەڵکی سوریا و وڵاتانی ناسەقامگیرن و باش دەزانێت کە هەڵکشانی سەربازی لەگەڵ ئێران دەتوانێت ببێتە هۆی لێشاوی زیاتری پەنابەران. هەرچەندە زۆربەی ناوەندە گەورەکانی دانیشتوانی ئێران بە سەدان میل لە سنووری تورکیاوە دوورن، بەڵام زۆرێک لەو هاووڵاتیانەی کە لە ماوەی دەیان ساڵدا لە کۆماری ئیسلامی هەڵاتوون، تورکیایان وەک پەناگایەکی پەسەندکراوی خۆیان هەڵبژاردووە، وەک ڕێڕەوێک بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا، کە دۆخی دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی وەها ناڵەبار پێشبینی دەکرێت، بە ملیۆن ئێرانی ڕووبکەنە تورکیا.

هەروەها ئەوەش کە زیاتر جێگای نیگەرانی ئەنکارایە ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێرانە کە لەهەمانکاتدا دژی حکومەتی تورکیان، دارمانی ڕژێمی ئێران بقۆزنەوە لە پلاندانانی هێرشی سنووربەزانن بۆ سەر تورکیا، وەک پێکهاتنی هێزی میلیشیای ئیسلامی و لایەنگرانی پەکەکە بۆ تێکدانی ئاسایشی تورکیا بە بەکارهێنانی خاکی ئێران.

ئەردۆغان زۆر سوپاسی ترەمپ دەکات، کە سزاکانی سەر سوریای هەڵپەساردووە و ئەحمەد شەرع لە لیستی تیرۆر دەرهاتووە، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەقامگیرکردنی سنوورە دوور و درێژەکانی لە باشوری تورکیا، جگە لەوەش بڕیارەکانی ترەمپ و هەڵوێستە ڕاگەیەندراوەکان سەبارەت بە نە ڕوخانی ڕژێم تا ڕادەیەک لەگەڵ هێڵی سووری ئەردۆغان سەبارەت بە ڕووخانی دەوڵەتی ئێران یەکدەگرێتەوە، بۆیە پێدەچێت ئوردوغان زیاتر هاوتەریب بێت لەگەڵ پلانە دیپلۆماسیەکانی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئێران.

ئەوەش شاراوە نیە کە ئەردۆغان سوکایەتی بە حکومەتی نەتانیاهۆ دەکات و زۆرجار قسەی توند لە دژی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئیسرائیل بەکاردەهێنێت. لەم دواییانەدا ناتانیاهۆی بە "گەورەترین بەربەست لەبەردەم ئاشتی ناوچەکە" وەسف کرد و هەڵسوکەوتی ئیسرائیلی بە "باندێکی ئاشکرا" بەراورد کرد.

دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هاوکاری پرۆسەی دیپلۆماسی دەکات، کە لەم بارەیەوە بەگشتی دۆخی ناوچەکە و چاوەڕوانی لایەنەکان بەستراوەتەوە بەو دانوستانەی کە دەبێت ئەمریکاو ئێران ئەنجامی بدەن، کە تائێستا لەوبارەیەوە کاتێکی گونجاو دیاری نەکراوە، هەر بۆیە دۆخەکە بەگشتی بە هەڵواسراوی و نارۆشنی ماوەتە، تا باسکردن لە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکە ڕوبداتەوە.

لە هەمانکاتدا چاوەڕاون دەکرێت ئەمریکا تەواوی پرسەکانی ئێران بخاتە نێو وتووێژە ستراتیژیە دوو قۆڵیەکانی لەگەڵ تورکیادا، تا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئامانج لێی ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران نیە، بەڵکو فشارخستنەسەریەتی بۆ ئەوەی لاواز بێت، دواجار واز لە تەماحە ئەتۆمیەکانی بهێنێت، دەرئەنجامێک کە بەرپرسانی تورکیاش پشتیوانی لێدەکەن، هەروەها ئەمریکا هەوڵئەدات ئیسرائیلیش پابەند بکات بەو ئەنجامگیریەی کە ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوێت.

کۆماری ئیسلامی ئێران، هیچکات وەک ئێستا لە پێگەیەکی وەها لاوازدا نەبووە، دوبارە بونەوەی لێدانی یەک لە دوای یەک دەتوانێت بەرەو لێواری دارمانی بەرێت. لەم سیناریۆیەدا تورکیا دەرفەتێک لەدەست ئەدات بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەگەر ئیسرائیل شەڕی ئاسمانی خۆی نوێ بکاتەوە، مەترسی هاوشێوەی دوانزە ڕۆژی شەڕەکە زیاتر دروست دەبێتەوە.

لە هەر حاڵەتێکدا، گەر واشنتون پشت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان تورکیا و ئیسرائیل ببەستێت تا گرژیەکانی هەر دوولایان پەرە نەسەنن، بۆ تورکیا ئەوە کارسازترە ئیدارەی ترەمپ کار لە سەر بەهێزکردنی هەوڵە بەرفراوانەکانی بۆ دروستکردنی متمانە لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا بەرجەستەکاتەوە. بە کۆکردنەوەو ڕێکەوتنی هەردوولا بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر چالاکیە سنووربەزێنەکانی ئەنقەرە لە باکور و باشووری سوریا، کە سەرچاوەیەکی دیکەی گرژی هەردوولایەنە.

ئەردۆغان هەوڵئەدات بە بێدەنگی ململانێکان وەک شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بقۆزێتەوە، هەم بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەنقەرە لە ناوچەکەدا و هەم بۆ سەرقاڵکردنی لە پرسە ناوخۆییەکان.

تورکیا هەڵکشانی سەربازی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی گرنگی دیپلۆماسی خۆی دەزانێت، ئەردۆغان ویستویەتی لە ئیستانبوڵ میوانداری وتووێژی ڕاستەوخۆی نێوان بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و ئێران بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستی هێنا، جگە لەوەش بە گشتی دۆخەکە بە جۆرێک ئاڵۆزی و بارگرژی پێوە دیارە، واپێدەچێت لە ئێستادا ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە چاوەڕوانی دانوستانی ئەمریکا و ئێراندایە!.

# پیشەسازی!

## مەنسوری حیکمەت

{سەرنج: ئەم تایتڵە لە کتێبی ( مێژووی شۆڕشی بەلشەفی) لە نوسینی ( ئی. ئێچ.کار- * Edward Hallett Carr ) وەرگیراوە لەلایەن مەنسوری حیکمەتەوە. کتێبەکە لە سێ بەرگ پێکدێت. مەنسوری حیکمەت ئەو بەشەی کتێبەکەی ئای ئێچ کاری لەژێرناویشانی ( پیشەسازی)دا وەرگێراوە بۆ فارسی. ئەم باسەی لێرەدا کردویەتی سوودی لەو زانیاریەکانی ئای ئێچ کار وەرگرتوە.

ئای ئێچ کار، لەباسەکەیدا، چەند سەرنجی گرنگی دەربارەی پەیوەندی بنەمای ئابوری سۆشیالیستی، کۆنترۆڵی کرێکاری، دەوڵەتی کرێکاران یان دەوڵەتی هاوڵاتیان و نارۆشنیەکانی بەلشەفیەکان لە مامەڵە لەگەڵ کێشەو گرفتەکان و هێڵکی جیاکەرەوەی لینین لەم پەیوەند بەم پرسانەوە خستوتەروو.

ئەم بابەتە لە کتێبی( مەنسور حیکمەت، بەشێک لە دەستنوسەکان و بابەتە بڵاونەکراوەکان) لە فارسیەوە کراوەتە کوردی. ئۆکتۆبەر.}

### بەشی یەکەم؛

لە سەرەتادا لای بیرمەندانی بەلشەفی وانەدەهاتە بەرچاو کە سیاسەتی پیشەسازیکردن هەمان کێشەکانی سیاسەتی کشتوکاڵی (زەوی) بەدوای خۆیدا بهێنێ. بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتی پرۆلیتاریا، رەنگە ئەوە کارێکی ئەستەم بێت کە ووردکردنەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی کشتوکاڵی کە هاوکات پێشێلی پرەنسیپەکانی نەکات، جووتیاران نەخاتە هەڵویستێکی دوژمنکارانەوە. بەڵام سیاسەتی پیشەسازیکردن بەرادەیەکی باش بێکێشە دەهاتەبەرچاو. کۆنترۆڵی پیشەسازی بەشێوەیەکی ئاسایی دەکەوێتە دەستی کرێکاران خۆیان، کرێکارانێک کە لەلایەن خۆیان و بە ناوی خۆیانەوە کارەکە ئەنجام دەدەن. کۆنفرانسی نیسانی ١٩١٧ی حیزب لەم بارەیەوە شتێکی دیکەی بۆ تێزەکانی نیسان زیاد نەکرد و جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەتی..... بەسەر بەهێزترین کارتێل** ی سەرمایەداران ی وەکو یەکێک لە هەنگاوە دەستنەجێکانی خۆی لە بەرمای کاری خۆیدا دانا. لینین لە بەرگریکردن لەم بریارنامەیەدا رایگەیاند کە کاتێک ئەم کارتێلانە دەستیان بەسەردا گیرا و کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی شوراکانەوە، ئەوا رووسیا هەنگاوێکی بەرەو سۆسیالیزم ناوە.

لەکردەوەدا ئەمە قورستربوو لەوەی چاوەروان دەکرا. بەلشەفییەکان تارادەیەکی زۆر رووبەرووی هەر ئەو شتە بوونەوە کە لە کێڵگەکاندا تووشی هاتن.. رەوتی شۆڕش، لەگەڵ خۆیدا، تەنها دەستبەسەرداگرتنی خۆبەخۆیی زەوی لەلایەن جوتیارانەوە نەهێنا، بەڵکو دەستبەسەرداگرتنی خۆبەخۆیی کارگەکانیشی لەلایەن کرێکارانەوە لەگەڵ خۆی هێنا. لە پیشەسازیدا، وەک لە کشتوکاڵدا، حزبی شۆڕشگێڕ و پاشان حکومەتی شۆڕشگێڕ، بەدوای بزووتنەوەیەکدا کێش بوون کە لە زۆر رووەوە دەستوپا گیر بوو بۆیان، بەڵام وەک هێزی بزوێنەری شۆڕش نەیتوانی پەسەندی نەکات. لە رووسیاش وەکو دەوڵەتە دژ بەیەکەکانی دیکە، شەڕ، دوای ماوەیەک لە سەرلێشێواوی سەرەتایی، هاندانێکی کاتی بۆ (زیادکردنی) بەرهەمی پیشەسازی رەخساند. بەڵام رووسیا بە ئامرازە پیشەسازییە سنووردارەکانی، دابڕانی لە سەرچاوە سەرەکییەکانی کەرەستەی خاو، بە کەمی بەرهەمهێنانی کار و رێکخستنی پیشەسازی و سیاسی لاواز، کاردانەوەیەکی سستتری پیشان دا لەچاو وولاتەکانی دیکەدا. (پرۆسەی زیادکردنی بەرهەمهێنان) بەخێرایی گەیشتە خاڵی کۆتایی خۆی. لە هەمان ساڵی ١٩١٦دا، لەژێر کاریگەری شەکەتی بەهۆی کاریگەری شەڕ و کەمیی کەرەستە خاوە زەروریەکان و کۆنبوونی کارخانەو ئامێرەکان، بەرهەمهێنان بەرەو دابەزین دەچووو.

شۆڕشی شوبات هەموو هۆکارەکانی ( ناکۆک لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمهینان)دا چرتر کردەوە. کەمیی هەموو شتێک بوو بە مەسەلەیەکی درێژخایەن و لە زۆر حاڵەتدا کارگەکان بەهۆی نەبوونی کەرەستەی خاوەوە ناچار دەبوون دابخرێن. ئەم هەلومەرجانە مەیلێکی نوێیان بۆ بە نیشتیمانیکردن و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت دروستکرد، کە لە سەردەمی جەنگدا پرسێکی ئاسایی و باوە. یەکێک لە یەکەمین رێکارەکانی حکومەتی کاتی پێکهێنانی کۆنفرانسێکی هەمیشەیی بوو بۆ پەرەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی رووسیا. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٧دا ئەم کۆنفرانسە لەلایەن شورایەکی ( Councilئابوری و لیژنەیەکی باڵای ئابووری جێگای گیرایەوە کە ئەرکەکانیان بریتی بوو لە دارشتنی پلانێکی گشتی بۆ رێکخستنی ئابووری نیشتمانی و هەروەها دارشتنی یاسا و گرتنەبەری رێوشوێنی گشتی بۆ رێکخستنی ژیانی ئابووری. شورای ئابووری کۆرێکی گەورەی گفتوگۆکردن و راوێژکاری بوو، لیژنەی باڵای ئابووری ناکۆکەی ئیرادەیەکی پلاندانانی دابین کرد. بەڵام لە سەردەمی حکوومەتی کاتیدا، هیچ کام لەو ئۆرگانانە ئەو توانایان نەبوو، دووریش بوو کە بتوانن ئەو دەسەڵاتە بەدەست بهێنن کە پرۆسەی دارمان و هەڵوەشانەوەی رۆژانەی ئابوری بوەستێنن.

گرنگتر لەم هەوڵە نیوەناچڵانە بۆ پلاندانانی سەردەمی جەنگ، ئەو تەوژمە بوو کە شۆڕشی شوبات بە بزووتنەوەی کرێکاری دا. کۆمیتەکانی کرێکاران بە خێرایی لە کارگەکاندا سەریان هەڵدا و بەپێی فەرمانێکی حکومەتی کاتی

لە ٢٢ی نیسانی ١٩١٧دا وەک نوێنەری ڕێگەپێدراوی کرێکاران لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خاوەنکارەکان و حکومەتدا ناسێنران.

یەکەم داواکاریەکان؛ ٨ کاتژمێر کاری ڕۆژانە و زیادکردنی کرێ بوو. بەڵام زۆری نەخایاند ئەم داواکاریانە بە هەوڵێکی تاڕادەیەک ڕێکخراو، سەرەتا پرش و بڵاو، دواتر بەرە بەرە بەشێوەیەکی دووبارە، لەلایەن کرێکارانەوە بۆ دەستوەردان و دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەوخۆی کارگەکان گەیشتە لوتکە. ئەمەش وەک ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٠٥دا بەڕوونی پێشبینی کردبوو، کاردانەوەی حەتمی کرێکاران بوو لە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەدا بەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانیان و هەروەها بەرامبەر بەهەر هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی شۆڕش لەناو چوارچێوەی بۆرژوازی-دیموکراسیدا دەوەستانەوە. خاوەنکارەکان هەندێکجار تەسلیم دەبوون و لەگەڵ کۆمیتەکانی کارگەکاندا ڕێک دەکەوتن، بەڵام زۆرتر بەداخستنی دەرگای کارگەکان بەڕووی کرێکاران و داخستنی کارگەکانی خۆیان بەرپەرچیان دەدایەوە. بەلشەفییەکان هەموو هەوڵێکیان دا بۆ چڕکردنەوەی ئەم ململانێیە. فراوانبوونەوەی شەپۆلی پشێوی لە کارگەکاندا خزمەتی بە ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانیان دەکرد. ئەوان نەیاندەتوانی، تەنانەت ئەگەریش بیانویستایە، ئەم ڕێکارانە بوەستێنن، بەڵام تا ڕادەیەک دەیانتوانی کۆنترۆڵیان بکەن چونکە لەلایەن کرێکارانەوە وەکو پشتیوان قبوڵکرابوون. دەیانتوانی ئاراستەکەی بەدەستەوە بگرن. ئەم دۆخە بوو ناچاری کردن پراتیکێک وەکو پراتیکی خۆیان قبوڵ بکەن کە نەک بەلشەفی نەبوو، بەڵکو ئەنارکیستی و سەندیکالیستی بوو.

بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوەی کەس پێشبینی نەکردبوو ئەوە بوو کە داگیرکردنی کارگەکان لەلایەن کرێکارانەوە لە درێژخایەندا، تەنانەت کەمتر لە داگیرکردنی زەوی لەلایەن جوتیارانەوە، لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیستیدا دەگونجێت. ئەم سەختییە تا ماوەیەک لە پشت پەردەی دەستەواژەی نارۆون و مشتومڕاوی "کۆنترۆڵی کرێکاران -Worker’s Control"ەوە شاردرابووەوە.

کاتێک لینین لە مانگی نیسانی ١٩١٧دا پێشنیاری ئەوەی کرد کە کارتێلی شەکر دەبێت بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە کە بەدەستی کرێکاران و جووتیارانەوەیە، دەیویست نموونەیەکی کۆنکرێت لە پرەنسیپی کۆنترۆڵی شورایی یان دەوڵەتی کە لە تێزەکانی نیسان و لە بڕیارنامەی کۆنفرانسی نیساندا هاتبوو، بدات بەدەستەوە. بەشی دووەمی دەستەواژەکە تەنها سەرپۆشێک بوو بۆ بەشی یەکەمی. کرێکاران و جوتیاران ئەو کەسانە بوون کە دەوڵەت لەڕێگەی ئەوانەوە و بە ناوی ئەوانەوە بڕیاربوو کارەکانی ئەنجام بدات.

کاتێک کە چەند هەفتە دواتر، بڕیاری حکومەتی کاتی بۆ دروستکردنی لیژنەیەک بۆ دامەزراندنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر دامەزراوە پیشەسازییەکاندا، وایکرد لینین تێبینی ئەوە بکات کە هۆشیاریی زەرورەتی کۆنترۆڵکردنی پرۆلیتاری بەسەر کارگە و کارتێلەکانی سەرمایەدارەکاندا لە کۆروکۆمەڵە کرێکاریەکاندا گەشەی کردووە، ئەوەی قبوڵ نەکرد- ڕەنگە درکی پێ نەکردبێت - کە قسەیەکی نوێ دەکات، و ئەوەی کە کۆروکۆمەڵە کرێکاریەکان، هەرچۆن بێت، داوای شتێکی جیاوازیان دەکرد لەوەی ئەو پێشتر داوای دەکرد.

چەند ڕۆژێک دواتر، لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩١٧دا، لینین زیاتر پەرەی بە بیرۆکەکەی خۆی دەربارەی کۆنترۆڵکردن دا : شوراکان یان کۆنگرەی کارمەندان ( کارکنان)ی بانکەکان دەبوایە پلانێک بۆ دروستکردنی یەک بانکی دەوڵەتی و ئەنجامدانی وردترین کۆنترۆڵ دابڕێژن؛ شوراکانی کارمەندان لە کارتێل و تراست (Trust)ەکاندا*** دەبووایە بەهەمانشێوە ڕێوشوێنی پێویستیان بگرتایەپێش بۆ کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانیان؛ مافی کۆنترۆڵکرد تەنها بەرتەسک نەبێتەوە بە هەموو شوراکانی کرێکاران و سەربازان و جوتیاران، بەڵکو دەبێت شوراکانی کرێکاران لە هەموو کارخانە گەورەکاندا و نوێنەری هەموو پارتە سیاسییە گەورەکان هەمان مافیان هەبێت.

>>>>ماویەتی<<<<

---

* ئای ئێچ کار (ئێدوارد هالێت کار ٢٨ی حوزەیرانی ١٨٩٢- ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢) مێژوونووس، دیپلۆمات، ڕۆژنامەنووس و تیۆریسیۆنێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خەڵکی بەریتانیا بووە. نەیاری ئەزموونگەرایی بووە لە نوسینەوەی مێژوودا. زیاتر بە کتێبی "مێژووی شۆڕشی بەلشەفی" لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٩، ناوبانگی دەرکرد کە لە (٣ ) بەرگدا بڵاویکردۆتەوە.

** کارتێل( :(Cartelبریتیە لە یەکگرتنی کۆمەڵێک کۆمپانیای گەورە، بەمەبەستی دیاریکردن و کۆنترۆڵکردنی نرخی کاڵاکان و ئیحتکارکردنی بازار.

*** تراست : (Trust)ڕێکەوتنی کۆمەڵێک کۆمپانیایە لەسەر ئەوەی سامانەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەنجومەنێکی ئەمیندار(مجلس الامناء) بەمەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە ئیحتیکار و کەمکردنەوەی کێبڕکێ.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman-maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com